بڵاوبونەوەی داوێن پیسی

هۆكارو دەرئەنجامەكانی

لەرێی خوادا دەبەخشرێ‌و نافرۆشرێت

بسم الله الرحمن الرحيــــــــــــم

پێشكەشە بە:

- مامۆستا بەرێزەكانی سەر مینبەر
- بانگەوازخوازانی كۆڵندەر
- گەنجە خۆگرە دامەزراوەكان
- دایك‌و باوكانی بەغیرەت

Kurd1425@yahoo.com

دەسپێك

لەم سەردەمی پڕ لەگومڕاییەدا هەموو دەرگایەكی داوێن پیسی‌و فاحیشە خراونەتە سەر پشت، شەیتانەكان سەرجەم رێگاكانی بێ ئابڕوییان ئاسان كردووە، بۆیە دەبینی هۆكارەكانی كەوتنە ناو داوی خراپەكاری ئاسان‌و هەرزانن...:

سفوری‌و لاشەی خۆ دەرخستن بەخۆڕایی، نەزەرو چاو نەگرتن، تێكەڵاوی نێرومێ لە هەموو فەرمانگەو شوێنە گشتییەكاندا، زۆربوونی گۆڤاری سێكسی، فیلمی ئارەزوو بزوێن‌و هەڵخەڵەتێنەر، دام‌و دەزگاو راگەیاندنی دوور لە رەوشتی ئیسلامەتی‌و كوردایەتی، سەفەركردن بۆ وڵاتانی پڕ لە ئیلحادو لەش فرۆشی‌و پڕ لە بازاڕی سۆزانییەكان، خۆ چواندن بە گاورو جولەكەو لاسایی كردنەوەی كوێرانەیان والابوونی باڕو مەی فرۆشەكان ، هەرزانی گشت جۆرەكانی مەشروبات مادە بێ هۆشكەرەكان.......

هەر لەبەر ئەمەشە دەبینی ولاَتمان پڕە لە دیاردەی لەش فرۆشی ژێر بەژێرو دەرکەوتنی کۆرپەی زۆڵی فڕێ دراوو بلاَوبوونەوی هەواڵی دەرکەوتنی نەخۆشی (ئایدز)!!.

لەبەرامبەریشدا سستی موسڵمانان‌و راگەیاندن‌و بانگەوازی ئیسلامی‌و چۆڵ پێ کردنی مزگەوتەکان‌و نەهێشتنی وانەی پەروەردەیی‌و ئیمانی‌و بێ ئاگایی مامۆستایانی ئایینی لەم مەسەلەیە یان ترسان‌و باس نەکردنی. گەنجەکانمان لەجیاتی سەرقاڵ بوون بە بەهرەیەکی سوودمەندو زانستیانە گرفتارن بە چەندین نەخۆشی دەرونی‌و خەریکی فەوتاندنی کاتەکانیان بە شتی بێ سوودو بێ بەهاوە.

کوفریش لەبەرامبەردا شەوو رۆژ لەبەرنامەدایە تا رێگاکانی بەرەو دۆزەخ بردن لەلای مشتەرییەکانی جوانتر برازێنێتەوەو هەوڵدەدات کە بە تەنها خۆی نەبێت بە سووتەمەنی دۆزەخ‌و بەس‌و لەخەمی ئەوەدایە بازاڕی شەرواڵ پیسان‌و پێڕی خوانەناسان زیاترو زیاتر بکات.

لەو دیاردە سامناکانەش کە لە دەرەنجامی ئەمەوە دەرکەوتووە (زیناو نێربازی)یە... جا لەگەڵمبەو هەستت بێداربکەرەوەو دەستم بدەرێ‌و هێواش‌و لەسەرخۆ ئەم نامیلکە دیارییە بەوری بیخوێنەرەوەو بزانە سەرەنجام بەکوێ دەگات.

دەرەنجامە شومەکانی داوێن پیسی (زینا)

خوای کاربەجێ دەفەرموێت: ﴿وَلا تَقْرَبُوا الزِّنَى إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلاً﴾(الاسراء:٣٢).

واتە: نزیکی ویناو داوێن پیسی مەکەونەوەو هەنگاوەکانی کەوتنە ناو ئەو گوناهە مەگرنەبەر بەڕاستی زینا گوناهێکی گەورەو رێگایەکی بەدو پیسە، جا لەو دەرەنجام‌و رێگا پیسانەی لەم بەدکارییەوە سەرهەڵدەدەن ئەمانەن:

١–پیس بوونی ناموس‌و نەمانی دروشمی داوین پاکی لەناو کۆمەڵگادا.

٢–بەرگی ریسوایی‌و سەرشۆڕی لەناو خەڵکیدا دەکرێتە بەری زیناکار.

٣–زینا دڵ نەخۆش‌و پەرت‌و بلاَودەکات ئەگەر نەیمرێنێ.

٤–زینا شیرازەی خێزان تێك دەدات‌و پەیوەندی نێوان ژن‌و مێرد دەپچڕێنی‌و منداڵەکانیشیان تووشی بێ پەروەردەیی‌و بەرەڵایی دەبن.

٥–پشت‌و وەچە بەهۆی ئەم کارە گڵاوەوە نامێنێ‌و تێکەڵ دەبێت‌و (زۆڵ)ی پێ نەزانراو زۆر دەبێت‌و کەس نازانێ باوك‌و باپیری کێیە.

٦–زینا پەیوەندییەکی کاتی ئارەزووبازیانەیەو هیچ بەرپرسیارییەتێکی لەدواوە نیە. جا بەو پێیە کارێکی ئاژەڵیانەی رووتە چونکە ئەوەندە پێویستیان بە یەکترییە تا ئارەزووەکەیان تێر دەکەن.

٧–زینا هۆکارێکە بۆ دەرکەوتنی بوونی کوشتن (قتل) لەناو کۆمەڵگادا. بەوەی کەس وکاری ئافرەت یان کوڕەکە بەکوشتن کێشەکە یەکلادەکەنەوە تا ئەو شەرمەزارییە لەسەر بنەماڵەکەیان لابەرن.

٨–زینا شیرازەی کۆمەڵگا دەشێوێنێ‌و منالی زۆڵی فڕێ دراوی تێدا زۆر دەکات.

٩–زینا دەبێتە هۆی خەم‌و خەفەت‌و ترس‌و دڵەراوکێ، کەسی زیناکار لەنێوان چەند دوو حاڵەتدا دەهێڵێتەوە. یان مانەوە بەو حاڵەتە سەرشۆڕییەوە، یان کوشتنی ئەو منداڵەی لەو حاڵەتەوە پەیدا بووە.

١٠–زینا یەکێکە لە فیتنەو نیشانەکانی تێك چوونی بوونەوەو نزیك بوونەوەی قیامەت.

١١–زینا هۆکارێکی راستەوخۆیە بۆ تووش بوون بەو نەخۆشیە سامناکانەی کە لاشە لەیەك هەڵدەوەشێنێ‌و بەویراسەت لە باوك‌و دایکەوە بۆ منداڵ دەگوێزرێتەوە.

١٢-زینا هۆی خەشمو تووڕەیی خوای گەورەیە. ابن مەسعود (ڕەزای خوای لێ بێت) دەفەرموێت: **(ماظهر الزنـا في قرية الا اذن الله بهلاكها)** واتە: زینا لە هیچ کۆمەڵگایەکدا دەرنەکەوتووە ئیلا خوای گەورە ئیزنی تیاچوونی ئەو کۆمەڵگایەی داوە.

ئاژەلانیش ئەم کارە ڕەت دەکەنەوە

ذكر البخاري في صحيحه عن عمرو بن ميمون الاودى قال: **(رأيت في الجاهلية قردا زنى بقردة فاجتمع القرود عليهما فرجموهما حتى ماتا).**

واتە: عەمروی کوڕی مەیمونی ئەودی دەفەرموێت: لە نەفامێتیدا نێرە مەیمونێکم بینی زینای لەگەڵ مەیمونێکی مێیەدا کرد. جا مەیمونەکان لێیان کۆبوونەوەو بەردەبارانیان کردن تا مردابوونەوە!!

لەناو گیانلەبەراندا ئەمە زۆر بە ئاشکرا دیارە کە هیچ نێرەیەك ڕێ نادات نێرەیەکی تر نزیکی مێیەکەی بێتەوە.

بەڵام بەلای ڕۆژئاواوە زینا تاوان نییەو ئەگەر گەنجێك لەگەڵ ئافرەتێکدا زینا بکات ئەوا خراپەیەکیان نەکردووە شایستەی سزا بێت مەگەر بەزۆر زینای لەگەڵ کردبێت!! ئەو کاتەش سزایەکی مادی سووك دەدرێت! خۆ ئەگەر زینای لەگەڵ ژنی کابرایەکدا کردبێت ئەوای مێردی ژنەکە تەنها بۆی هەیە داوای تەعویزێکی مادی بکاتو بەس!!!

زینا قەرزێکەو دەبێ بیدەیتەوە

ئەگێڕنەوە کابرایەکی ئاوگێڕ لەشاری (بوخارا)دا ماوەی سی ساڵ ئاوی دەبرد بۆ ماڵی کابرایەکی زێڕەنگەرو (سەقا) یان بوو. ئەو زێڕەنگەرەش ژنێکی جوانی هەبوو. ڕۆژێکیان وەك عادەتی خۆی کاتێ کابرای ئاوگێڕ چوو بۆ ماڵیان دەستی ئافرەتەکەی گرتو گوشی! جاکاتێ مێردەکەی لەبازاڕ گەڕایەوە ژنەکە پێی وت: پیاوەکە ئەمڕۆ لەدوکان چ کارێکت ئەنجامداوە خوای گەورە پێی ڕازی نەبێت؟ وتی: هیچم نەکردووە. ئەویش زۆری لێ کرد تا بۆی گێڕایەوەو وتی: ئەمڕۆ ئافرەتێك هات بۆ دوکانەکەمو منیش بازنێکم دایەو تاقیم کردەوەو کردمە دەستی. وە دەستی زۆر سپی بوو منیش گوشیم! ژنەکەی وتی: الله اکبر. ئەمە حیکمەتو هۆی کردەوەی ئەو ئاوگێڕەبوو کە ئەمڕۆ کردی. مێردەکەی وتی: ئافرەت من پەشیمان دەبمەوەو تەوبە دەکەمو گەردنم ئازاد بکە. بۆ سبەینێ گەنجە ئاوهێنەکە هاتو وتی: ئەی ئافرەتی خاوەن ماڵ گەردنم ئازاد بکە بەڕاستی دوێنێ شەیتان گومڕای کردم. ئەویش ووتی: بڕۆ خەتاکە خەتای ئەو پیاوە بوو کە لەدوکانەکەدایە (واتە مێردەکەی) چونکە کاتێ حاڵی خۆی گۆڕی بەوەی دەستی ئافرەتێکی بێگانەی گوشی، خوای گەورەش حاڵی خێزانەکەی گۆڕی بەوەی بێگانەیەك دەستی ژنەکەی گوشی/تفسیر روح البیان للبروسوی. وەلە نموونەی ئەم بەسەرهاتە زۆرەو لەژمارە نایەت.

حەددی زینا لە حوکمی خوای گەورەدا

خوای پەروەردگارو کاربەجی سێ سزای قورسی بۆ ئەنجامدەری ئەم کارە گڵاوە داناوە:

١-کوشتن بە قورسترین شێوە (ئەگەر شوی کردبوو یان ژنی هێنابوو)، وەلێدانی سەد دار (ئەگەر شوی نەکردبوو یان ژنی نەهێنابوو) وەساڵێك دوورخستنەوی لەوڵاتی خۆی: لە بوخاریو موسلیمدا هاتووە: ئەعرابیەك هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا صلى الله عليه و سلم وفەرموی: "ئەی پێغەمبەری خوا، کوڕەکەی من

بەكرێ گرتە بووە لای ئەم كابرایەو زینای لەگەڵ ژنەكەیدا كردووە، منیش بیستوومە كەوا دەبێت كوڕەكەم ڕەجم بكرێت، جا سەد سەر مەڕم كردووە بە فیدیەی لەگەڵ كەنیزەیەكدا، دوایی پرسیارم كرد لە ئەهلی عیلم ئەوان پێیان ڕاگەیاندنم كە دەبێت كوڕەكەم سەد داری لێبدرێت و ساڵێك دووربخرێتەوەو ئەو ژنەش دەبێت ڕەجم بكرێت؟ (واتە جا كامیان بكەم).

پێغەمبەریش صلی الله علیه و سلم فەرموی **(والذي نفسي بيده لآقضين بينكما بكتاب الله: الوليدة والغنم رد عليك وعلى ابنك جلد مائة وتغريب عام، واغد يا أنيس الى امرأة هذا فإن اعترفت فارجمها)**. واتە: سوێند بەو خوایەی نەفسی منی بەدەستە بەپێی قورئانی خوا حوكمتان دەكەم،كەنیزەك و مەڕەكان دەدرێتەوە پێت و وەرناگیرێت. وە كوڕەكەت سەد داری لێ دەدرێت و ساڵێك دوور دەخرێتەوە، وە ئەی ئونەیس بەیانی بچۆ بۆ لای ژنی ئەو پیاوە ئەگەر دانی نا بەزیناكەدا ڕەجمی بكە. جا كە چوو بۆ لای ژنەكە دانی پێدانا، پێغەمبەریش صلی الله علیه و سلم فەرمانی پێكرد و ڕەجم كرا.

٢-خوای پەروەردگار نەهی كردووە لە ئیمانداران كە لەكاتی ئەنجامدانی ئەو حەددەدا سۆزو بەزەییان هەبێت بۆی و وازی لێ بهێنێت یان سووكی بكەن وەك دەفەرموێت: (.. .. وَلا تَأْخُذْكُمْ بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ.. ..)(النور: من الآية٢).

واتە: وە با بەزەیی نەتان گرێتەوە لە جێبەجێكردنی حوكمی خوادا ئەگەر ئێوە باوەڕتان بەخواو ڕۆژی دوایی هەیە.

٣-وە دەبێت ئەنجامدانی ئەم حەددە بە بەرچاوی كۆمەڵێك ئیمانداروە بكرێت. وەك دەفەرموێت: (..وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَائِفَةٌ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ)(النور: من الآية٢).

واتە: با كۆمەڵێك لە ئیمانداران ئامادەی ئەم
سزادانە بن و ببینن.

جا ئازاروژانی ئەم سزایە سەرجەم ئەندامەكانی لاشە دەگرێتەوە هەروەك چۆن لە ئەنجامدانی زیناكەدا هەموو ئەندامەكانی چێژی لێ وەرگرتووە. جگە لەوەش سزایەكی دەروونی قورسە چونكی خەڵكی تەماشای دەكەن و بۆ ئەوانیش سوودی زۆری تێدایە كە ریسوایی شەرواڵ پیسی بەكرداری دەبینین.

گەورەترین جۆری زینا

گەورەترین زینا ئەوەیە لەگەڵ دراوسێدا ئەنجام بدرێت، یان لەگەڵ ئافرەتێكی خاوەن مێرددا. یان لەگەڵ ناسیاو و خزمی خۆیدا. یاخود دراوسێ و خزمیشی بێت، یان لەگەڵ خێزانی موجاهیدێكدا كە ڕۆیشتبێ بۆ جیهاد، یاخود لەكات و شوێن و شارێكی پیرۆزدا زینا بكات،. یاخود كەسێك لەگەڵ خێزانی خۆیدا دوای ئەوەی تەڵاقی تەواوی داوەو گوێ ناداتە شەرع و كاری سەرجێیی لەگەڵ دەكات ..

وەیەكێك لە هەرە زینا گەورەكان زیناكردنە لەگەڵ مەحرەم دا (واتە لەگەڵ كەسێكی نزیكی خۆی كە بە هەمیشەیی بۆی دروست نییە مارەی بكات وەك: دایك و، خوشك، پور، نەنك.......) عن ابن عباس (رضي الله عنهما) قال: قال رسول الله صلى الله عليه و سلم : **"من وقع على ذات محرم فاقتلوه"**. واتە: هەر كەسێك زینای لەگەڵ مەحرەمێكی خۆیدا كرد بیكوژن/ اخرجه ابن ماجه (٢٥٦٤) في الحدود وفي سنده ابراهيم بن اسماعيل بن ابي حبيبه الانصاري وهو ضعيف لكن يشهد له حديث ابن أبي خيثمة في تأريخه من حديث معاوية بن قرة عن أبيه عن جده(رضي الله عنه). أن رسول الله صلى الله عليه و سلم بعثة الى رجل أعرس بأمراة ابيه فضرب عنقه وخمس ماله) قال يحيى بن معين: هذا حديث صحيح.

وە لەسەردەمی حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفیدا کابرایەکیان هێنا زینای لەگەڵ خوشکی خۆیدا کردبوو بە زۆر. حەجاجیش ووتی: بەندی بکەنو پرسیار لە هاوەڵێکی پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم بکەن لێرەدا. ئەوانیش پرسیاریان لە عبدالله کوڕی مطرف کرد ئەویش فەرمووی: بیستوومە پێغەمبەرصلی الله علیه و سلم فەرموویەتی: **(من تخطى حرم المؤمنين فخطوا وسطه بالسيف)** أورده الهيثمي في المجمع ٢٦٩/٦ وقال: رواه الطبراني وفيه رفدة بن قضاعة. وثقة هشام بن عمار وضعفه الجمهور.

واتە: هەرکەسێك حەرام کراوەکانی ئیماندارانی شکاند ئەوا بە شمشێر لەناو قەدی بدەن.

جا سەرجەم موسڵمانان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی حەددی لەسەرە بەڵام جیاوازن لە چۆنێتی حەددەکەدا کە ئایا کوشتنە یان حەددی زینایە/ الجواب الكافي ص ١٩٩-٢٠٠.

نێربازی

خوای گەورە دەربارەی گەلی قەومی (لوط) پێغەمبەر (عليه الصلاة والسلام) لە سەرزمانی پێغەمبەرەکەیان دەفەرموێت: (أَتَأْتُونَ الذُّكْرَانَ مِنَ الْعَالَمِينَ، وَتَذَرُونَ مَا خَلَقَ لَكُمْ رَبُّكُمْ مِنْ أَزْوَاجِكُمْ بَلْ أَنْتُمْ قَوْمٌ عَادُونَ) (الشعراء:١٦٥-١٦٦).

واتە: ئایا ئێوە خراپەو نێربازی لەگەڵ نێرینەکاندا دەکەنو واز لەچوونە لای ئەو خێزانانەتان دەهێنن کە خوای گەورە دروستی کردووە بۆتان بەڕاستی ئێوە گەلێکی سنور بەزێنو ڕۆچوون.

خوای پەروەردگار ناوی زینا دەبات بە (فاحشە) بەڵام نێربازی ناو دەنێ بە (الفاحشە) واتە: ئەو کردەوەیەی پیسیو گڵاوی تێدا کۆبۆتەوەو بەلای هەموو کەسێکەوە کارێکی قێزەونە.

موجاهید دەفەرموێت: (ئەو کەسەی ئەو کارە ئەنجام دەدات ئەگەر بە هەموو دڵۆپە بارانێکی ئاسمانو هەموو دلۆپە ئاوێکی زەوی خۆی بشوات هەر پیسەو پاك نابێتەوە.)

فضیلی کوڕی عیاض دەفەرموێت: (ئەگەر نێربازێك بە هەموو دڵۆپە ئاوێکی ئاسمان خۆی بشوات ئەوا هەر بە پیسی دەگات بەخوای گەورەو لەو گوناهە پاك نابێتەوە) اسنادە حسن. روح المعاني للالوسي ١٧٢/٨.

سیفەتی مرۆڤی نێرباز

١-فیترەتیان شێواوەو لایانداوە لە سیفەتی ئینسانی خۆیان کە خوای گەورە لەسەری خەلقی کردوون. کە ئەویش ئارەزووکردنی مێینەیە نەك نێرینە.

٢-چێژ بەسەربردنیان لەسەر پیس ترین شوێنو قێزەون ترین جێگایە.

٣-لەخوار ئاژەڵەوەن لەشەرمو سروشتو غەریزەدا. چونکە ئاژەڵ هەرگیزو هەرگیز نێرەیان نزیکی نێرە نابێتەوە.

٤-هەمیشە لەبیری خراپەدان لەکاتی بینینی نێرە یان مێیە، بچووك یان گەورە.

٥-بی شەرمن چونکە زەوی ئاوی شەرمی لێ مژیونو شەرم لەکەس ناکەن.

٦-لاشەو ئیرادە لاوازن.

٧-خوای گەورە گەلی (لوط)ی ناوبردووە بە (فاسقین) لەڕێ دەرچووان (مسرفون) ڕۆچووان (مفسدین) خراپەکارو تێکدەران (ظالمین) ستەمکاران.

عبدالله کوڕی مەروان دەفەرموێت: ئەگەر خوای گەورە باسی گەلی لوط پێغەمبەر (عليه الصلاة والسلام)ی نەکردایە لە قورئاندا. گومانم نەدەبرد کەسێك هەبێت ئەو کارە پیسە بکات.

سزای گەلەکەی لوط پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام)

خوای گەورە دەفەرموێت: (فَلَمَّا جَاءَ أَمْرُنَا جَعَلْنَا عَالِيَهَا سَافِلَهَا وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهَا حِجَارَةً مِنْ سِجِّيلٍ مَنْضُودٍ) (هود:٨٢).

واتە: کاتێ فەرمانی بە هیلاك بردنی ئێمەیان بۆهات ژێرەو زەبەرمان کردن و زەویمان بەرزکردەوەو دامانەوە بەسەریاندا، وە بەرد بارانمان کردن بە بەردی قوڕی سورکراوەو بەلێزمە دەباری بەسەریاندا، ناوی هەریەکەیانی لەسەر نووسرابوو. ئەم سزایە دوورنییە تووشی ستەمکارانی تریش ببێتەوە وەك ئەوان ئەگەر هەمان تاوانیان ئەنجامدا.

بەردبارانکردنیان بەجۆرێك هەموویانی گرتەوە بازرگانێك چوو بوو بۆ حەرەم، ئەو بەردەی ناوی ئەوی لەسەر بوو (٤٠) رۆژ وەستا تا کابرا گەڕایەوە لەسەفەرەکەی و بەردەکەی بەرکەوت و کوشتی.../ روح المعانی للالوسی ١٧٢/٨.

کەواتە سزاکەیان بریتی بوو لە تیاچوون و هەڵگێڕانەوەی زەوی بەسەریانداو رۆچوون و بەردباران کردنیان و ریسوابوون.

سزاو حەددی نێربازلە شەریعەتی خوای گەورەدا

ابن قیم (رەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت) نقڵی کردووە کە سەرجەم هاوەڵانی پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم لەسەر ئەوەن کە دەبێت ئەو کەسەی ئەم کارە دەکات بکوژرێت، بەڵام لە چۆنێتی و شێوازی کوشتنەکەیدا جیاوازن. حەنبەلییەکان ئیجماعی صەحابەیان هێناوە لەسەر ئەوەی حەددی نێرباز کوشتنە، بە بەڵگەی فەرموودەی: (من وجدتموه یعمل عمل قوم لوط فاقتلوا الفاعل والمفعول به). رواه أهل السنن الاربعة واسناده صحیح. وصححه ابن حبان واحتج به الإمام أحمد واسناده علی شرط الشیخین وقال الترمذي: حسن صحیح.

واتە: هەرکەسێکتان بینی ئەو کارە پیسەی گەلی لوط ی دەکرد ئەوا بکەرو لێ کراو بکوژن.

وە بەڵگەی ئەوەی ئیمامی عەلی (خوای لێ رازی بێت) بەردبارانی کەسێکی کردوە کە ئەم کارەی کردووە. ئیمامی شافعی دەفەرموێت: ئێمەش ئەو رایە دەگرین کە هەرکەسێك ئەم کارە بکات ژن هێنەرو شووکردووبێت یان نا ئەوا رەجم دەکرێت.

هەروەها لە خالیدی کوڕی وەلیدەوە گێڕدراوەتەوە کەوا رۆژێکیان لەناو رێگایەکدا کابرایەکی بینی نێربازی لەگەڵ دەکرێت، ئەویش نامەی نارد بۆ ئەبوبەکری صدیق و ئەویش راوێژی بە هاوەڵانی کرد تا چی لێ بکرێت. جا وتەی ئیمامی عەلی لە هەمووان توند تر بوو فەرموی: تەنها یەك نەتەوە ئەم کارەی کردووەو دەشزانن خوای گەورە چی بەسەر هێنان. من وا دەبینم دەبێ بە ئاگر بسوتێنرێت. جا ئەبوبەکریش نامەی نارد بۆ خالیدو سوتانیان.

عبدالله کوڕی عەباس دەفەرمووێت: دەبرێتە سەر بەرزترین جێگاو بینای ئەو شارو لادێیەو لەوێوە بەپشتا فڕێ دەدرێتە خوارەوە. پاشان بەرد باران دەکرێت.

جا هەریەکەو رایەکی هەیە لەسەر کوشتنی جا بەسوتاندن یان بەردباران کردن یان بەردانەوەو بەردباران کردن یان مل پەڕاندن یان دیوار روخاندن بەسەریدا....

ئەو نەخۆشیە سامناکانەی کە لە دەرەئەنجامی داوێن پیسیەوە پەیدا دەبن

١-ئايدز: واتە لە دەست دانی توانای کرداری بەرەنگاری و پاریزگاری لە لاشەدا. ئەم ڤایرۆسی ئەم نەخۆشی یە دەچێتە شلەی لاشە بەتایبەتی خوێن و مەنی، وە رێگاکانی گواستنەوەشی بەهۆی: پەیوەندی سێکسی ناشەرعی نێوان نێرو نێر یان نێرو مێ، وە بەرکارهێنانی دەرزی بەکارهاتوو و ڤایرۆساوی بوو بەم نەخۆشییە.

هەروەها لەدایکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ کۆرپەکەی لەکاتی سک پڕی یان لەکاتی لەدایک بوون یان لەدوای لەدایک بوون، سەرەنجامی ئەم نەخۆشیەش مەرگی حەتمی یە.

٢-الزهری: ئەمیش یەکێکە لە نەخۆشی یە سامناکەکان کە لەداوێن پیسی یەوە پەیدا دەبێت، سەرەتا بە چەند برینێکی بچووك و هەوکردن دەست پێ دەکات کە لە دەوری دەمدا دەردەکەوێت و تەشەنە دەکات بۆ هەموو لاشە، وە دەگاتە جگەرو دەبێتە وەرەم و شێرپەنجەو دەگاتە بڕبڕەی پشت و دەبێتە هۆی شەلەلی هەمیشەیی، وە دەگاتە ئەعصاب و دەبێتە هۆی لەرزۆکی بەردەوام وەسەرەنجام دەگاتە سی و دڵ و دەیکوژێت.

٣-الهربز (هربز جینتالس): ئەویش هۆکارەکەی داوێن پیسی یەو تووشی کۆئەندامی زاوزێی هەردوو رەگەزی نێرومێ دەبێت بەشێوەی برین و بڵقی گەورە کە بەردەوام ئازاری زۆری لەگەڵدایە.

٤-السیلان: تووشی کۆئەندامی میزو زاوزێ دەبێت و ئەم نەخۆشی یەش لە رێی نێربازی و زیناوە بڵاودەبێتەوە. وە لە مێیەوە بۆ مێ دەگوازرێتەوە بەڵام مێیە درەنگ پێی دەزانێت بەهۆی سروشتی فیسیۆلۆجیەوە لە حەیزو شتی تر.

بەڵام نێر زوو هەست بە ئیلتیهابی داوێنی دەکات و ئیفرازاتی بۆگەنی لێ دەدردێت و دەسوتێتەوە. وە بۆنێکی زۆر ناخۆشی هەیە، ئەگەر زوو چارەسەر نەکرێت و دوورنەکەوێتەوە لەو کارە داوێن پیسیانە ئەوا میکرۆبەکە دەگاتە پرۆستات و گون و بۆری میزو تەسکی دەکاتەوەو زیان بە کۆئەندامی میز دەگەیەنێ و ئەو کات پێویست دەکات نەشتەرگەری بۆ بکرێت کە زۆربەی جار سەرکەوتوو نابێ و جگە لەوەش تووشی نەزۆکی دەکات. وە لە مێیەدا توشی کۆرپەکەی دەبێت لەکاتی لەدایك بووندا.. وەکار لە هێلکەدان و منداڵدان دەکات و دەبێتە هۆی نەزۆکی. وە کاریگەری تریشی هەیە لەسەر هەموو لاشەو جومگەکان.

٥-هەوکردنی پرۆستاتی تیژو درێژخایەن: ئەمیش تەنها توشی پیاوان دەبێت، چونکە پرۆستات لە نێرینەدا هەیە کە بریتی یە لە پارچە گۆشتێك ماددەی مەنی دەردەدات و دەکەوێتە کۆتایی بۆری میزەوەو دەوی داوە. جا ئەم هەوکردنە درێژخایەنە زۆرجار لای گەنجان پەیدا دەبێت و سەرەنجام پرۆستات لەکار دەکەوێت و بۆری میزی دەگیرێت و پاشان گورچیلەکان پەك دەخات. لە هۆکارەکانی ئەم نەخۆشیەش نێربازی و زینا و زۆر ئاوی خۆهێنانەوەیە.

بەرنامەی ئیسلام بۆ خۆپاراستن لەداوێن پیسی

١-ئیزن خواستن لەکاتی سەردان کردن و چاوگرتن.

وەك وتراوە خۆپاراستن لەچارەسەرکردن باشتر. شەریعەتی ئیسلامیش لە هەنگاوی یەکەمەوە موسڵمان دوور دەخاتەوە لەم بەڵا گەورەیەو کۆمەڵێك بنەمای داناوە تا کۆمەڵگا دووربێت لە داوێن پیسی لەوانە:

٢-حەرام کردنی تەماشاکردنی مێردمنداڵ و بێ مو وە ئافرەت و داوێن و گۆڤاری پڕ لەوێنەی سێکسی و (خیلاعی).

٣-نەوەستان و دانەنیشتن لە سەر جادەو سەرە رێگای خەڵکی مەگەر لەکاتی پێویستی و بە مەرجی تایبەتی خۆی.

٤–ئیسلام فەرمان دەکات بەخۆداپۆشین و باڵا پۆشی.
٥–ئیسلام عەورەتی پیاوو ئافرەتی دیاری کردووەو سنوری داناوە بۆی.
٦–ئیسلام نەهی دەکات کە ئافرەت دەنگی خۆی ناسك بکاتەوە.
٧–ئیسلام تێکەڵاوی حەرام کردووە.
٨–حەرام کردنی مانەوە بە تەنها (خەڵوە) لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەم دا (ئەگەرچی خزمیش بێت).
٩–حەرام کردنی تەوقەکردن لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەم.
١٠–حەرام کردنی دەرچوونی ئافرەت لەماڵ بە عەترو بۆنی خۆشەوە.
١١–ئیسلام نەهی کردووە لە سەفەرکردنی ئافرەت بەبێ مەحرەم یان چوونە دەر بەبێ ئیزنی پیاوەکەی.
١٢–نەهی کردن لە وەسف کردنی ئافرەت
لەلای بێگانە .
١٣–جیاکردنەوەی پێخەفی نوستنی منداڵ دوای (دە) ساڵ.
١٤–حەرام کردنی گۆرانی ناشەرعی و مۆسیقاو زنجیرە فیلمیە روخێنەرەکان کە کۆمەڵگا بێ
رەوشت دەکەن.
١٥–هاندان بۆ زوو ژن هێنان لەکاتی تواناداْ.........یان:
١٦–بەرۆژووبوون بۆ کەسێك کە توانای
ژن هێنانی نیەیە.
١٧–هاندانی باوك بۆ پەلە کردن لە بەشوودانی کچ و ژن هێنان بۆ کوڕی لەدوای باڵغ بونیاندا.
١٨–گرنگی دان بە پەروەردەی منداڵان.
١٩–زۆر دوور نەکەوتنەوەی پیاو لە خێزانەکەی بۆ ماوەیەکی درێژو زیاد لە چوار مانگ.
٢٠–لەسەرو هەموویەوە دروست کردنی ترسی خوای گەورە لەدڵ و دەروونی ئەندامانی کۆمەڵگادا..

لەکۆتاییدا

ئەی ئەو کەسەی کەوتویتە ناو ئەو گوناهە گەورەیە... ئێستا بۆت روون بویەوە چەندێك تاوانباو جینایەتکاری؟! تۆ لە رزق و رۆزی و خواردن و خواردنەوەی خوا دەخۆیت.. هەوای خوای گەوری هەڵدەمژیت.. لەسەر زەوی و موڵکی خوادا دەژیت.. ئیتر کەی شەرم دەتگرێت و دەگەڕێیتەوەو دەست هەڵدەگریت؟!.

ئەو کەسەی زینا دەکات غیرەتی مردووە. ئەو خەریکی تێرکردنی ئارەزووی خۆیەتی و ئاگای لە هاوسەرو خوشك و دایکی نەماوە، ئەم پشتی کردۆتە خێزانی بۆیە ئەویش لەماڵەوە گوی بەخۆی نادات بەڵام کە دەردەچێتە دەرەوە بە هەزار رەنگ خۆی دەڕازێنێتەوە بۆ خەڵکی، بە تەنها لەگەڵ شۆفێرێکی بێگانەدا دەڕوات، بە تەنها دەچێتە لای دکتۆرێکی بێگانە بەناوی چارەسەرەی خۆکردنەوە. زۆر جاریش تووشی کەسێکی نەفس نزمی شەرواڵ پیسی وەك مێردەکەی دەبێت... لە ژێر ناوی (سەربەستی ئافرەت) چی بیەوێ دەیکات و مێردەکەشی نازانێ خەریکی چ ریسواییەکە چونکە ئەویش نوقمی غەفڵەت و
ئارەزو بازی بووە.

دەئیتر بەسە. با لەخەو هەستین.. تاکەی دەبینە نێچیری داوی بەرنامەی دەستکردی ئاژەڵی و پشت دەکەینە ڕەوشتی بەرزی ئیسلامەتی و کوردایەتی. با هەستین تا دەردی سامناک و کوشندە یەخەی نەگرتووین و نەیکردووین بە پەندو شەرمەزاری
هەردوو دونیا.

دەرەنجـــــام!!!

ئەو کەسانەی کە شەوو ڕۆژ لە هەوڵی لاسایی کردنەوەی ڕۆژئاوادان با بزانن کۆمەڵگا بەرەو کوێ دەبەن.. کێ قازانج دەکات ئەگەر ئەو دەردانە تەشەنەیان کردو یەخەی گەنجەکانمانی گرت.
وە باگەنجە خۆگرەکانیشمان ئەو کەسانە بناسن و نەکەونە ناو داوی جالْجالۆکە ئاسایان و خۆیان شەرمەزاری دنیـاو ڕیسوای قیامەت نەکەن.